بینینێکی ڕوونتر
وردبوونەوەیەکی قوڵتر

# ستاندەر

www. StandardKurd. net standar2007@gmail.com

خاوەن ئیمتیاز : کۆمپانیای ستاندارد سەرنووسەر : مەسعود عبدالخالق abdkaliq@yahoo. com ڕاوێژکاری یاسایی : عەلی گردەسۆری

ژمارە: ١٢٥ ساڵی سێیەم | ڕۆژنامەیەکی هەفتانەی سیاسیی گشتییە | دووشەممە ١٧/ئایار/٢٠١٠

## مایکل ڕۆبن: کوشتنی سەردەشت، مۆدێلێکی نوێی تۆقاندن

ل٨

## بۆچی لەسەردەمی نێچیرڤاندا، پارتی تووشی قەیرانی وا گەورە نەبووە

ل١٢

# ستاندەر مەرگی خۆی دەخاتە پیش مەرگی ڕوشنبیران

## وەک نارەزاییەک ڕۆژنامەی ستاندەر دەوەستێت تا بکوژانی سەردەشت دەدۆزرێنەوە



دەقـی بەیاننامەی وەستانی ڕۆژنامەی ستاندەر

جەماوەری کوردستان

ڕۆژنامەنوسان و ڕۆشنبیرانی بەڕێز

ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و لایەنە پەیوەندارەکان

لە ژمارەی ڕابردوودا ئاماژەمان پێکرد، ئەگەر دەسەڵات ئاوا خەمسارد بێت لە دۆزینەوەی بکوژانی سەردەشت، ئەوا وەک نارەزاییەک ڕۆژنامەکەمان دەوەستێنین، تا ئەو کاتەی ئەو جدیەتە لە دەسەڵات بە دیدەکرێ، بەڵام ئەوەی تائێستا تێبینی دەکرێ پێچەوانەکەیەتی، لە جیاتی چڕکردنەوەی کارەکانیان بەو ئاراستەیەی بکوژان بدرێنە دادگا، ئەفسوس ئەوان مەیدانی کارە یاسایی و ئیداریەکانیان گواستەوە ناو حیزبایەتی و هەڕەشەی دادگایان لە روژنامە بێلایەنەکان کرد. ئێمە ڕوومان لە حکومەت بوو کەچی حیزب هاتە وەڵام !، زۆر بە ڕاشکاوانە داوای وەستان و بێدەنگی دەکەن لە خەڵکی کوردستان، سستی ئەو لیژنەیەی سەرۆکایەتی هەرێمیش یەکجاری بێ ئومێدی کردووین. لە ڕاستیدا وامانزانی پەیوەندی نێوان هاولاتی وحکومەت، مافی دەسەڵاتی چوارەم، سەروەری یاسا، لێک جیاکردنەوەی حیزب و حکومەت، لە شاری هەولێر، جیا لە شوێنەکانی تر مەودایەکی بڕیوە، بەڵام لەدوای ئەو ڕووداوە، هەڵسوکەوتی دەسەڵات دەری خست کە بە هەڵەدا چووبوین و سەردەمی نەوەدەکانیان نیشان داینەوە...

زۆر بەداخەوە دەبینین گەندەڵ و مەلەفدار و سیخوڕو ئەنفالچی ئازاد و ئاسودەن، بەڵام ڕەخنەگری دڵسوز و ڕوژنامەنووس و ڕۆشنبیری خەمخۆر و مامۆستایانی ئاینی و، خانەوادەی شەهید و ئەنفال و پێشمەرگە جەرگ سۆزەکان، هەژارو مافخوراو و لە مەینەتیدان.

بۆیە ئێمە وەک ستافی ڕۆژنامەی ستاندەر، بریارمان دا، تا ئەو ڕەوشە ئاسایی دەبێتەوە، هەڵوێست بگرین و بوەستین، بەو ئومێدەی دەسەڵات بەخۆی دابچێتەوەو یەکرێزی دروست بێتەوە .

## هەندێ نهێنی ڕەوشی کۆنگرەی (ي.ن.ک)

کۆنگرەی (٣)ی یەکێتی نیشتمانی کوردستان نزیک بۆتەوەو کۆمەڵێک کێشەی موزمین هەیە، هێشتا یەکلا نەکراوە، لەلای زۆربەی ئەندام و لایەنگرانی ڕەسەنی (ي.ن.ک) کۆسرەت ڕەسول بووینە هێمایەکی دەربازی (ي.ن.ک) لەو قەیرانە گەورانەی تێی کەوتووە، بەڵام هێزی بنچینەی و کارتەکانی مادی و عەسکەری و سیاسی و یاسایی لە دەست مام جەلال و لایەنگرانی ئەوە، بۆ ئەوەی تەقەلاکانی لایەنگرانی کۆسرەت ڕەسول شکست نەهێنێ ئەوا زنجیرەیەک کۆبونەوەیان کردو پێشنیاریان کرد کە:

١- بە تەوافوقی بچێتە نێو کۆنگرە نەک ئیعتماد بکەنە سەر هەڵبژاردن کە بەڕای ئەوان تەزویر و تەڵەکەبازی لێ دەکرێ.

٢- دەزگایەکی ڕاگەیاندنی سەربەخۆ بنیات بنرێ و کەناڵێکی ئاسمانیش بکرێتەوە تایبەت.

٣- پەرلەمانتارەکانی سەربەخۆیان دیاری بکرێ بۆ هەر ئەگەرێک.

٤- ئاسایی کردنەوەی پەیوەندیەکان لەگەڵ گۆڕان و لایەنەکانی تر.

٥- تەنانەت بەشێک لەلایەنگرانی کۆسرەت پێشنیاریان کردووە کە بەشداری کۆنگرە نەکرێ، خۆشی تاڕادەیەک ئەو ڕایەی هەیە، بەڵام ئەوانە لە پەرلەمانن و فەرمانبەری گەورەن لە حکومەت ڕایان وایە بەشداری بکەن.

لەلایەکی ترەوە تەقەلایەک هەیە بۆ ئەوەی هەردوو ئاراستەی دکتۆر بەرهەم و کۆسرەت ڕەسول بە تەواوی لێک نزیک ببنەوە.

## بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی نێوانیان

## مام جەلال گەلاڵە چارەسەرێک پێشکەش کۆسرەت ڕەسول دەکات

بەپێی چەند زانیاریەک کەدەست ستاندەر گەیشتووە، مام جەلال گەلاڵە چارەسەرێکی پێشکەش بە کاک کۆسرەت کردووە، تێیدا ناڕاستەوخۆ ئاماژەی بەوە کردووە کە لەم کۆنگرەیەدا کوڕێکی کۆسرەت ڕەسول ببێتە ئەندامی مەکتەبی سیاسی و، کوڕێکیشی بچێتە بەغدا، لەبەرامبەردا کاک کۆسرەت خۆی هەڵنەبژێرێتەوەو دابنیشێت، زۆرێکیش لە ئەندام مەکتەب سیاسیەکانی یەکێتی ئەو پێشنیارەی مام جەلالیان هەیە، وەک مەلا بەختیار لەلێدوانێکدا گوزارشی کرد.

جێگەی هێما بۆ کردنە تا ئێستا کۆسرەت ڕەسول وەڵامی

## ئەو بەیاننامەیەی مەکتەب سیاسی پارتی، لەلایەن باڵی هەڵۆکان نووسراوە!!

دوای دەرچوونی بەیاننامەی مەکتەبی سیاسی سەبارەت بەشەهیدکرانی سەردەشت عوسمان، کە تیایدا زۆر بەتوندی هەڕەشە لەو کەسانە کراوە کە خۆپیشاندان دەکەن و داوای ئاشکراکردنی بکوژەکان دەکەن و، هەڕەشەی هەڵدانەوەی لاپەڕەکانی مێژووشی کردوە، کە بەشێکی هاوپەیمانەکانی خۆشی دەگرێتەوە. چاودێرانی سیاسی وای بۆ دەچن کە ئەو بەیاننامەیە لەلایەن مەکتەبی سیاسی پارتیەوە نەنوسراوە، چونکە مەکتەبی سیاسی پارتی بەیانەکانی لەکات و ساتی خۆیدا بەبەرنامە دەردەکات هەردەم عەقلانیەتی پێوە دیاربووەو شوێنی خۆی گرتووە، بەڵام ئەو بەیاننامەیەی ئێستا زۆر هەڵچوون و شپرزەیی پێوە دیارە و بێ ئامانجە.

جێگەی باسە چاودێرانی سیاسی وا پێشبینی دەکەن کە ئەو بەیاننامەیە لەلایەن مەکتەبی سیاسیەوە نەنوسرابێت، بەڵکو لەلایەن (باڵی هەڵۆکان)ی پارتیەوە نوسراوە. ئەگەرچی چاودێرانی سیاسی تا ئێستا ئەوەیان نەدرکاندووە ئاخۆ ئەو بەیاننامەیە لە چ شوێنێکەوە دەرکراوە.

پارتی و گۆڕان ڕوبەڕوی یەکتر دەبنەوە ل٣
وەزیری خوێندنی باڵا یەکێتی قوتابیان توڕە دەکا ل٣
دەسەڵات باوەڕی بە سیستەمی لامەرکەزی نیە ل٤
دەبێ چ قوڕگێکی دڕاو فەرمانی کوشتنی دەرکردبێ ل٧
هەموو بە یەک دەنگ بڵێن نا !! ل٧
خۆزگە بۆئێمە بوای ل٩